# جمهوری ئیسلامی ئێران، ئەلگۆی کۆنەپەرستیو ئیفلیجکردنی کۆمەڵگای عێراق!

سامان کەریم zaryak@yahoo.com

لە کەس شاراوە نیە، کە جمهوری ئیسلامی ئێران، لەپێش جەنگی ئەمەریکاوە خۆی ئامادەکردوە، بۆ دانانی هاوشێوەکانی خۆی لەعێراقداو لەلایەكو بەکارهێنانی کارتی عێراق لە بەرانبەر رۆژئاواو بەتایبەت ئەمەریکادا لە لایەکی ترەوە. ڕوخاندنی حکومەتی بەعسی گۆڕ بەگۆڕ بۆ جمهوری ئیسلامی ئێرانو تەواوی ئیسلامی سیاسی بوو بە بەرەکەتێك، بەجیا لە شێوەی ڕوبەڕوبوونەوەیان لەگەڵ هەلومەرجی تازەی دوای ڕوخانو چۆنیەتی ڕوبەڕوبونەوەیان لەگەل ئەمەریکاو هێزە ڕاستڕەوەکانی عێراقدا. بۆ ئیسلامی بن لادنی کۆمەڵگای عێراق بوبە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی جەنگی تیرۆریستی خۆی لەگەڵ ئەمەریکادا، بەڵام باسی من لێرەدا تایبەتە بە دەوری جمهوری ئیسلامیو سیاسەتەکانی لە هێز هاوسەنگی ئەمڕۆی عێراقو هێزەکانی ئیسلامی سیاسی شیعی، کە هێزێکی براوەی هەڵبژاردنە گاڵتەجاریەکی عێراقەو زیاتر لەنیوەی کورسیەکانیان بەدەست هێناوە، وە دەورو کاریگەری جمهوری ئیسلامی ئیران لەسەر چارەنوسی سیاسی کۆمەڵگای عێراق.

**جمهوری ئیسلامی ئێرانو ئیسلامی سیاسی شیعی**

کاریگەری جمهوری ئیسلامی ئێران لەسەر ئیسلامی سیاسی لە عێراقدا، تەنها کاریگەرییەکی سیاسیو مەعنویو عەقیدەتی نیە، بەهەمان شێوە کۆمەککردنیشی بە هێزەکانی تەنها لەمەیدانی کۆمەکی سەربازیو مالیدا قەتیس نابێتەوە، بەڵکو کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لە دیاریکردنی سیاسەتو بڕیارەکانیدا هەیە، بەشێکی زۆری هێزەکانی ئیسلامی سیاسی شیعی ڕاستەوخۆ دارو دەستەو دروستکراوی دەستی خۆیەتی، لەوانە مەجلیسی ئەعلای شۆڕشی ئیسلامی، بزوتنەوەی صەدر، ڕیکخراوی بەدر، بزوتنەوەی 15 شەعبانو سەئرو الله... هەروەها کاریگەری جمهوری ئێران لەسەر ئەم هێزانە تەنها لەڕێگای رەسمی دەولەتو خامنئیو حەرەسی سەورییەوە دابین ناکرێتو شێوەیەکی ڕێکخراوی نیە تەنها لەسەرچاوەیەکەوە، بەڵکو زۆر زیاتر پەلدەکێشێتە نێو دەیان دەزگاو حەوزەکانی ئیسلامی سیاسیەوە، ئەوەتا کازم ئەلحائری لە قومەوە بەڕۆشنی لەبەیانێکدا دەستوری کاری جەعەفەری دادەنێت، بەشێوەیەك کە کاریگەری جمهوری ئیسلامی ئێران لەسەر ئەم هێزانەو بزوتنەوەکەیان پەلی کێشاوەتەوە نێو تەواوی ڕەگەو لقەکانی حیزبو کەسایەتیەکانی ئەم بزوتنەوەیەو هێزەکانی.

ڕاگەیاندنی بەشێك لە ڕابەرانی ئەم بزوتنەوەیەو هێزەکانی کە سەربە جمهوری ئیسلامی ئێران نین، یان خاوەنی بڕیاری سیاسی خۆیانن کە بەهیچ جۆرێك ڕیگا نادەین دەوڵەتانی دراوسێ دەخاڵەت بکەن لە کاروباری عێراقدا( دیارە مەبەسیتان ئێران نیە)... جگە لە پڕوپاگەندەیەك لەپیناو کەمکردنەوەی فشارێك کەلەسەریانە لەمبارەوە هیچی تر نیەو ناوەڕۆکێکی پوچی هەیە.

جمهوری ئیسلامی ئێران، یەکێك لەو لایەنانە بوو کە هەر زوو خواستی "هەڵبژاردن"ی بەدەستەوە گرتو، هەڵبژاردنی وەك هۆکارێك دەبینی بۆ بەدەسەلات گەیشتنی بندەستەکانی لەعێراقو بەهێزکردنی جیگاو ڕیگای خۆی لە دیاریکردنی چارەنوسی سیاسی کۆمەڵگای عێراقدا.

**هەڵبژاردن، جمهوری ئیسلامی ئێران، ئیسلامی سیاسی شیعی لە عێراق**

هەڵبژاردن لەراستیدا پرۆژەی سیاسی ئیسلامی سیاسی شیعی بوو، وە لەم ڕێگایەوە دەسەلاّتداریّتیو قایم کردنی چنگی خۆی دەبینی لە دەسەلاّتو فراوانکردنەوەی نفوزی سیاسی خۆی، فشاری ئەم هێزە بۆ ئەمەریکا بۆ بردنە پێشەوەی ئەم پرۆژەیە، ئەمەریکای ناچارکرد کە بیکاتە یەکێك لە سیاسەتو هەنگاوەکانی خۆی، بەتایبەت ئەمەریکا لەکاتێکدا کەوتە ژێر ئەم فشارەوە، کە دەرگیری شەڕو کێشەی گەورەی ئیسلامی سیاسی بن لادنی بوو، دووچاری فەشەل بوو لەبەرانبەر چارەسەری کێشەی ئەمنیەتو لە هەمانکاتدا نەبونی ئەلتەرناتیڤێکی تر لەشارەکانی باشور بۆ کۆنترۆلی ئەوناوچانە، بۆیە " هەڵبژاردن" لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا بەرێوەچوو، وە لە پێشەوە ڕۆشن بوو کە ئیسلامی سیاسی شیعی بەشی زۆری بەردەکەوێتو هەروا دەرچوو.

بەلام "هەڵبژاردن" لەهەمانکاتدا دیارییەکی گەورەی ئەمەریکا بوو بۆ جمهوری ئیسلامی، دیاریەك بوو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، نیشاندانی ڕەزامەندی بوو بۆ دەور بینیی ئێران لە عێراقدا، لەبەرانبەر ئەوەی کە لە نێو عێراقدا پشێوی بۆ دروست نەکات، هەروەها دەستی کۆتا بکات لە کۆمەککردن بە حزب الله لە لوبنانو ڕایبکێشێتە پای دانوسانێك کە هەوڵدانی بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم بوەستێنێت، بەم پێیەش بە قەولی ئەمەریکا هەولّی خۆی بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی بوەستێنێت، واتە بەپێی سیاسەتی "بردنو پێدان" لە گەڵیدا جولایەوە. بەلاّم جمهوری ئیسلامی ئێران وەرەقەیەکی سیاسی گەورەی بەدەستەوە بوو، ئەویش عێراقو گۆڕەپانی سیاسی عێراقە، هەم بەهۆی بونی دەستێکی فراوانەوە کە لەنێو عێراقدا هەیەتی بەهۆی ئیسلامی سیاسی شیعیەیەوە، کە دەسەلاتدارەو، هەم بەهۆی هەلومەرجێکی دژوار کە ئەمەریکای تێکەوتوەو لە عێراقدا کە گلاوەو دەیەوێت هەلومەرجەکە بە ئاقارێکدا بەرێت کە لایەنی کەم زەرەرمەند نەبێت. بۆیە بۆ جمهوری ئیسلامی ئێران لا یەنی کەم تا ئێستا لەم گەمەیەدابراوەیەو زیاتر وەریگرتوە، وەك لەوەی بیداتە ئەمەریکا.

بەهەرحال، هەڵبژاردن تەواوبوو، جمهوری ئیسلامی ڕایگەیاند کە ئەوە فەشەلی ئەمەریکایە لەعێراقدا، وەهەندی لە ژورنالیستە جیهانیەکان، ئاماژەیان بەوە دەکرد کە " ئەمەریکا چاندیو ئێران درەوی کرد". بۆ جمهوری ئیسلامی ئێران لەنێوان کاندیدەکانی ئیسلامی سیاسی شیعی بۆ سەرەك وەزیران کۆسپێکی ئەوتۆی نەبوو لە نێوان جەعفەریو مەهدیو شەهرستانیدا، بۆ ئەو مەسەلەکە بڕاوەبوو، هەڵبژاردن تا ڕادەیەکی زۆر ئامانجەکانی ئەوی پێکاو وەرەقەکانی ئەوی لە عێراقدا وە بەرانبە بە ئەمەریکاش بەهێزتر کرد، بێهودە نیە کە جۆرج بۆش لە ئەوروپا "لێدانی زەرەبەی عەسکەری دژ بە ئێران بە گاڵتەجاری" ئاماژە پێدەکاتو خاتەمیش پێی دەڵی "پاشەکشەی کرد". وە لەئاستی نێو خۆی عێراقیشدا، ئەوە ئیتر ئیسلامی سیاسی شیعیەیە کە ڕۆڵی سەرەکی دەگێرێت لەبردنە پێشەوەی کاروباری عێراقدا. هەر لەسەروبەندی

سەرکەوتنەکانی ئیسلامی سیاسی شیعیدا، ڕاستەوخۆ لەلایەن مەرجەعیاتی شیعیەوە ڕاگەیەنرا، کە "دەبێت ئیسلام تەنها سەرچاوە بێت بۆ قانون" بەمانا سیاسی‌یەکەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی.
لێرەدا پێویستە بەکورتی ئاماژەیەکیش بە بونی دەستی جمهوری ئیسلامی لە کوردستاندا بکەین لەڕێگای بزوتنەوەی ئیسلامی‌و کۆمەڵەی ئیسلامیەوە، کە "عیلمانی"یەکانی!! کوردستان هاوپەیمانیان لەگەڵکردون بۆ "پەرلەمان"ی عێراق.

## ئیسلامی سیاسی شیعی‌و ئەلگۆی حوکمڕانی جمهوری ئیسلامی

گومان لەوەدانیە، کە بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی، ئامانج‌و ئیستراتیژییەتی پێکهێنان‌و دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی‌یە جا ئەلگۆی جمهوری ئیسلامی بێت لەسەر ڕێرەوی "ولایەتی فەقیە" کە هێزەکانی مەجلیسی ئەعلاو ڕیکخراوی بەدرو هەندێك لە مەرجەعیەتە شیعیەکان باوەڕیان وایە یان حکومەتێکی ئیسلامی بێ ئیمام، ئەم باڵەیان زیاتر لەلایەن حیزبی دەعواوە پیادە دەکرێت کە ئیئتلافی ئیسلامی سیاسی کاندیدیان کردوە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران. بەهەرحال، ناوەرۆکی هەردوکیان جگە لە بەندو کۆتی ئینسان‌و بەکۆیلە ڕاگرتنیان شتێکی تری تێدانیەو بەتایبەت بۆ ژنان جەهەنەمی سەر زەویەو ژنان لە ئێران، 25 ساڵە گیرۆدەی دەستی ڕەشترین نیزامن. ئەو ڕاگەیاندنەی مەرجەعیەتە شیعیەکان، ڕاستەوخۆ مانای دامەزراندنی دەولەتێکی لەو چەشنەیە.
ئەگەرچی ئەم هێزانە دەزانن کە فۆتۆکۆپی کردنی سیستەمێك کە لە ئێراندا هەیە، لە عێراقدا نا گونجێت، لە بەر چەندین هۆ لەوانە جیابونەوەیەکی قولی مێژویی نیو خودی بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی لەنیوان ئیسلامی سیاسی شیعی‌و سونی‌دا کە ئەمەیان لە ئەمڕۆی هەلومەرجی عێراقدا لەلایەن ئیسلامی سیاسی بن لادنیەوە دەستی بەسەردا گیراوە کە لە دوژمنایەتیەکی سیاسی-تائیفی قوڵدایە لەگەڵیدا. لە لایەکی ترەوە عێراق وولاتێکی فرە دین‌و فرە نەتەوەیە، هەر یەك لەم نەتەوەو ئاینانەش، ئەحزابی سیاسی خۆیان هەیەو خەڵکی عێراقیان دابەشکردوە بەسەر دین‌و تائیفەو نەتەوەدا، ئەمە بەجیالە هۆکاری نێو نەتەوەیی ئەمڕۆی جیهان‌و بونی ڕەگەیەکی بەهیزی ناسیونالیزمی عەرەب لە عێراقدا، هەروەها بونی پایەیەکی بەهێز لە سکولاریزم‌و مەدەنیەت خوازی لە عێراقدا. بەڵام بەرزکردنەوەی ئەم شیعارە هەر بۆ پڕوپاگەندەیەکی ڕاگەیاندن نەبوو، بەڵکو لەلایەك دەربڕینێکی واقعی بوو لە ئامانجی ئیسلامی سیاسی شیعی‌و لە لایەکی تریشەوە بەکارهێنانی فشارێکی سیاسی‌یە بۆسەر ئەمەریکاو هێزە کانی کە بڕیارە حکومەت پێك بهێنن لەگەڵ ئیسلامی سیاسی شیعیدا. فشارێك کە تاکو پێیان بکرێت جێگاو ڕیگای ئیسلام لە دەوڵەت‌و لە قانون‌و پەروەردەو خوێندندا بەهێز بکەن‌و بەتایبەت لەبەرانبەر ژنان‌و مافەکانیان‌و ئازادی‌یە فەردی‌و مەدەنیەکاندا، بەتایبەت بڕیارە ئەم حکومەتە دەستوری هەمیشەیی دەوڵەت بنوسێت. هەورەها وەکو کارتێکیش بۆ بەکارهێنانی بەستنی هاوپەیمانی‌و دامەزراندنی حکومەت لەگەل هەر هێزو لایەنێکدا ئەم خواستەیان دەکەنە چەکوشێك.
بەڵام ئەلگۆی جمهوری ئیسلامی ئێران چی‌یە؟! بێ‌مافی موتلەقی خەڵك لە کاروباری سیاسی‌و ئابوری وولاتدا بێ‌مافی موتلەقی ئازادی‌یە سیاسیەکان لە ئازادی بیرو ڕاوە بگرە تاکو ئازادی نەقدو دەربڕین، تاکو

ئازادی مانگرتن و پێکهێنانی ئەحزابی سیاسی، هەروەها سەرکوتی تەواوی ئازادییە مەدەنی و فەردییەکان، بۆژنان مانای حیجابی زۆرەملێ تەنانەت بۆ مندالانیشن مانای بەشودانیان لە تەمەنی 9 ساڵیدا مانای زەواجی سیغەو بازرگانی کردن بەلەشی ژنانەوە، مانای کردنی بەکۆیلەی کۆیلەکان و ئیغتصاب کردنی شەرعیان، مانای قەدەغەکردنی کردنی هەردیاردەو رەمزێك کە بە مەدەنیەت و پێشکەوتوخوزایەوە گرێ بخوات. خەڵکی کوردستان حەتمەن هەلەبجەو هەورامانیان لە بیر نەچۆتەوە، کە تازە ئەوانە دەسەلاتێکی ناوچەیەکی زۆر بچوك بون. ئەم ئەلگۆیە، یەعنی ئیعدام بە لێشاو، یەعنی زیندانی و قەدەغە ڕاگەیاندنی موعارەزی سیاسی. مانای دابڕانی عێراق بە جیهانی دەرەوە... مانای بونی خوایەك بەناوی ئیمامەوە لەسەرو دەستورو قانون و پەرلەمان و هەموو شتێکەوە... بەلاّم ئەگەر ئەم ئەلگۆیە بۆ ئەوان مەیسەر نابێت ئەوا دانی خۆیان تیژ کردۆتەوە بۆ ئەوەی دین بئاخزێنە هەموو مەیدانێکی ژیانی کۆمەڵگاوە، بەتایبەت پەروەردەو خوێندن و مەسەلەی مافەفەردی و مەدەنیەکان بەدیاریکراویش لە بەرانبەر ژناندا، بەجۆرێك کە نوسەرێکی ئەمەریکی بەنێوی "نۆمی کارین" لە ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانیدا لە ڕۆژی 2005/2/11دا نوسیویەتی کە ئەمەریکیەکان لەگەڵ ئیسلامی سیاسی شیعیدا ڕیککەوتون لەسەر "نەوت بەرانبەر بە ژن" واتە بێدەنگی ئەمەریکا لە بەرانبەر بێمافی ژناندا، واتە جێبەجێکردنی قانونی 137ی مەجلیسی حوکم کە لەلایەن ژنان و خەڵکی عێراقەوە ڕیسوا کراو ناچاربون پاشەکشەی لێبکەن، بەرانبەر بە کۆنترۆلکردنی بزنسی نەوتی عێراق بۆ ئەمەریکیەکان.

ئەم ئەلگۆیە، ڕەشەکوژی بەکۆمەڵی خەڵکی عێراقە، بێمافی موتلەقی خەڵکی کوردستانە، بۆ دیاریکردنی چارەنوسی سیاسی خۆیان، لەژێر ناوی "ئۆمەتی ئیسلام"دا، وە زیندە بەچاڵکردنی ژنانە، خەڵکی عێراق وە کوردستان پێویستە لە چەند مانگی داهاتودا خەباتی خۆیان یەکگرتو بکەن ڕیکخراوی بکەن، وە ڕیگا نەدەن دەوڵەت و حکومەتێکی کۆنەپەرست و ڕەش لە عێراقدا دابمەزرێت کە پشت بەستوو بێت بە ئیسلام و شەریعەتەکەی. تەنانەت خودی بونی ئیسلام وەکو ئەو شێوەی کە لە قانونی قۆناغی گواستنەوەدا هاتوە "ئیسلام سەرچاوەیەك بێت بۆ قانون" یان "ئیسلام دینی رەسمی‌یە" بەجیا لەوەی کە مافەکانی خەڵك هەڵدەلوشێت، لەهەمانکاتدا دوبەرەکی‌ی ئاینی لەسەر پایەی ئاینە جیاوازەکان پێکدەهێنێت و قوڵی دەکاتەوە، وە ڕاستەوخۆ مانای چەوسانەوەی ئاینەکانی ترە، کە لەعێراقدا ژمارەیان کەم نیە، ئەگینا بونی دینی رەسمی مانایەکی تری نیە.

ئەم تەرحەش کە هێزە بەناو "عیلمانی"یەکانی کوردستان و حیزبی شیوعی قبوڵیانە لەو راستیە کەم ناکاتەوە، کە تەواوی مافە مەدەنی و شەخسیەکانی ئینسان دەکەوێتە ژێر چەپۆکی ڕەشی ئیسلامی سیاسیەوە، ئەم شێوەیەشیان، زیندە بەچاڵکردنی ئاوات و ئارەزوەکانی لاوان و ژنانە.

**نا بۆ ئیسلامی سیاسی، نا بۆ دەخالەتی دین لە دەوڵەتدا!**

وەڵامی گونجاوو دروست بەرانبەر بە مەرجەعیەت و مێژەر بەسەرو تەواوی ئایەتاللەکان و هێزەکانی ئیسلامی سیاسی، خەباتی بەردەوامی خەڵکی عێراقە لەپێناو دابینکردنی مافە سیاسی و مەدەنی و شەخسیەکانی خۆیاندا، لە پێناو ڕیگە گرتن لە دەخاڵەتی ئیسلام لە دەوڵەت و قانون و خوێندن و پەروەردەدا،

خەباتکردن لەپێناو دەوڵەتێکی سکولاردا. سکولار بون یەك مانای هەیە، ئەویش جیایی دین لەدەوڵەتو خوێندنو پەروەردەیە، هەموو ئەو لایەنو هێزانەی کە بەواقعی دەوڵەتیکی سکولار دەخوازن ئەرکیانە، ڕۆڵی خۆیان بگێڕن لە پێشگرتن بە خەتەرێك کە بەربینی کۆمەڵگای عێراقی گرتوە.

خەباتی یەکگرتووو یەکپارچە، لەپیناو دامەزراندنی دەوڵەتو حکومەتێکی سکولاردا، ئەرکێکی مێژویی گرنگە بۆ بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی عێراقو بۆ هەموو ئەو هێزانەی کە خواستی سکۆلار بونی دەوڵەتیان هەیە. ڕیکخراوە ژنانیەکان، ڕیکخراوەکانی لاوان، ڕیکخراوە کرێکارییەکان، بەجیا لەوەی کەسەر بەکام حیزبو لایەنن، پێویستیان بە بزوتنەوەیەکی هاوبەشە لەپێناو سەرخستنی بزوتنەوەکەیاندا، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هێزێکە لە پێناو سەرخستنی ئەم خەباتەو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سکولاردا بە هەموو توانیەوە لە مەیداندایە.